# سیستمی دیموكراسی لەنێوان پلان وئەجەندەی ئەمریكاو داخوازیەكانی خەڵكی عێراقدا .



ڕوخاندنی ڕژێمی ناسیۆنالیستی بەعـــس لەعێراق وەك یەكێك لەپایەبەهێزوهەرەئەساسی یەكانی پشتیوانی یەكێتی ناسیۆنالیستی عەرەبی وتێكشكاندنی هێزوتواناى سەربازی ئەم وڵاتەولەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی ڕیزی یەكگرتوانەی سەرجەم وڵاتانی عەرەبی لەناوچەكەدا ، لەدوای جەنگی ساردوهەرەس هێنانی بلۆكی ڕۆژئاوا وسەرجەم ئەقتابەكانی تری دنیای سەرمایەداری وچەق بونەوەی دەسەڵاتی تاكە قوتبی جیهانی ، ئەمریكابەكەڵك وەرگرتن لەوبۆشایەسیاسی یەی جیهانی بەرنامەی بەدیموكراتیزەكردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ڕاگەیاند .

ئەمە ڕوداوێكی خۆڕسك نەبو بەڵكوفرسەتێكی مێژوویی بوكەلەئەجامی ململانەیەكی دورودرێژ وسەرسەختانەی سەرجەم ئەقتابەكانی دنیای سەرمایەداری ولەدوای شكەست خواردنی ڕەقیبەكانی ئەمریكا وئاڵوگۆڕەسیاسیاسی یەكانی دونیا بۆئەمریكاهاتەپێش .

لەدوای ئەوئاڵوگۆڕانەی كەبەسەردنیاداهات ئێستائەمریكابەرنامەوئەجەندای سیاسی خۆی تەرح دەكات وهەوڵ ئەدات بیان باتەپێشەوە ، ئەمریكا بەشێوەی جۆراوجۆرفشارێكی زۆری داناوەلەسەردەوڵەتانی ناچەكەوداوای ڕیفۆرمێكی سەرتاسەری سیاسی دەكات ودەیەوێت سیستمی ئیداری ونەخشەی سیاسی ئەوناوچەیەبگۆڕێت ، لەڕێگای ئەم ڕیفۆرمەسیاسی یەوە ئەمریكادەیەوێت ڕەگ وڕیشەی ئیسلامی سیاسی وئیرهاب وتیرۆرستی وسیستمی دیكتاتۆریەت لەناوچەكەهەڵكێشت وكۆنترۆڵی تەواوی بنەماكانی ئابوری وسەرچاوەكانی كەرەستەی خاوی بەرهەم هێنان بكات ودەسەڵاتی تاك ڕەوانەوتاك قوتوتبی ویەك جەمسەری جیهانی سەرمایەداری خۆی لەناوچەكەدا بچەسپێنێت وداسەپێنێت ، عێراق وناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگی یەكی یەكجار زۆری هەیەلەنەخشەی سیاسی جیهانیدا ، نەك هەرتەنهابۆئەمریكا بەڵكوئەم ناوچەیەگەورەترین سەرچاوەی دابین كردنی كەرەستەی خاوی بەرهەم هێنان وپترۆڵەولەتەواوی دوونیاداگرنگی یەكی زۆری هەیەوهەربۆیەش ئەمریكاگەورەترین قورسایی سیاسی خۆی خستۆتەسەرئەم ناوچەیەوئەمریكا دەیەوێت لەم هێرشەبەرفراوانەی خۆیدابۆڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەستێك تەواوی ئەوسەنگەروئاستەنگانی كەدێنەبەردەمی هەڵیان تەكێنێ وڕایان ماڵێت وەبەدەستەكەی تری لەڕێگای ڕیفۆرمی ئیداری كۆمەڵایەتی وسیاسی یەوە دەیەوێت بەرنامەوئەجەندای سیاسی خۆی بباتەپێشەوە ، سەیركەن چۆن لە ئێران و سوریاولوبنانی هەڵپێچاوە .

سەبارە بەدامەزراندنەوەی دەوڵەتی ئایندەی عێراق دیسان ئەمریكا پرۆژەوئەجەندای سیاسی خۆی پێ یە ، ئەمریكاپشتیوانی لەسیستمێكی دیموكراسی یانەئەكات لەدەستوری ئایندەی دەوڵەتی عێراقدا ، بەڵام چ جۆرە دیموكراسی یەتێك ؟ ئەمریكا نایەوێت پرۆسەی چەسپاندنی سیستمی دیموكراسی لەم وڵاتەدالەڕێگای هەڵبژاردنێكی تەقلیدی وئازادانەوبەویست وئیرادەی سەربەخۆیی سیاسی خەڵكی عێراق وبەڕێگای دەنگی زۆرایەتی بچێتەپێشەوە ، بەڵكو ئەمریكالەدوای بەرژەوەندیەكانی خۆیەتی هەوڵ ئەدات لەڕێگای تەوافقاتی سیاسی وبەهۆی دۆستەكانیەوە ودەیەوێت دەوڵەتێك لەم وڵاتەدا دەسەڵات بگرێت بەدەستەوە كەدۆست وهاوپەیمانی خۆی بێت ولەهەمان كاتدا ناویشی لێ دەنێت دیموكراسی وتعددی ، ئەمریكا بەئاشكراپشتیوانی لە سیاسەتی میانەڕەوانەوڕیفۆرمیستی یانەی هاوپەیمانەتی كوردستانی ودكتۆرئەیاد علاوی ودكتۆر ئەحمەدچەلەبی دەكات وەك لایەنگرانی سیستمی دیموكراسی بەئاڕاستەی سیاسەتەكانی ئەمریكا بۆدامەزراندنی دەوڵەتێكی نەك هەرغەیرەئیسلامی بەڵكو هەوڵ ئەدات دەوڵەت ودین بەتەواوی لێك جیابكاتەوە ودەوڵەتێكی علمانی ودیموكراسی ئەوتۆدامەزرێنێت لەعێراق كەلەگەڵ ویست وبەرنامەی سیاسی ئەودابێتەوە و دەستی ئێران وسەرجەم ڕەقیبەكانی خۆی لەم

**کێشمەکێشەیەلەناوچەیەداکۆتابکات ، بەهەمان شێوەش دەوڵەتی ئێران وهاوپەیمانانی ئەولەعێراق بەرنامەو ئەجەندای سیاسی خۆیان پێیەبۆدەستوری هەمـیشەیی ئایندەی عێراق .**

**ئەسڵی ململانەوکێشەی سیاسی نێوان ئەحزابی قەومی وڕادیکالستی ئیسلامی سیاسی لەعێراق لەلایەك ودۆست وهاوپەیمانانی ئەمریکا لەلایەکی ترەوە لەسەرئەم مەسەلەیەچەق بۆتەوە ولەداهاتوشدا دەبێتەکێشەیەکی میحوەری ، لەدەستوری کاتی عێراقدا کۆمەڵێك بەندی یاسایی هاتوە کەهەریەك لە لایەنەکانی ناوئەنجومەنی نیشتیمانی ئایندەی عێراق بەجۆرێك لەجۆرەکان وەك مانعێکی سیاسی ویاسایی لەدژی یەکتری کەڵکی لێ وەردەگرن ، بەتایبەتیش مەسەلەی مافی بەکارهێنانی فیتۆلەلایەن 3 پارێزگاوەکەبەهەربڕیارێك ڕازی نابن ، ئەم بەندەیاسای یە لیستی هاوپەیمانی کورد و سوننەنشینەکانی ناوەڕاستی عێراق ئەتوانن کەڵکی یاسایی لێ وەربگرن لەدژی ڕەقیبەکانی خۆیان ، هەروەهامەسەلەی دەنگدان وئیستفتای گشتی لەسەرتاسەری عێراقدابۆمصـــادەقەی دەستوری هەمیشەیی لەبەرژەوەندی عەرەبەکانەوبەتایبەتیش شیعەکان ئەتوانن کەڵك لەم بەندەی قانونی دەوڵەتی کاتی وەربگرن لەدژی سیاسەتی ئەمریکاودۆست وهاوپەیمانەکانی ، بۆیەهەربەم دەلیلە ئەم مەسەلەیەبۆهەمولایەك کێشەیەکی حەیاتی وچارەنوس سازویەك لاکەرەوەیە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیەبەدواڕۆژی سیاسی هەمولایەکەوە لەسەروی هەموشیانەوە چارەنوسی سیاسی ئایندەی کوردستان وبەرژەوەندیەکانی ئەمریکا .**

**دامەزراندنەوەی سەرلەنوێ دەستوری هەمیشەیی دەوڵەتی عێراق کارێکی ئاسان نابێت ، ئەوشکڵ وشێوە لەئینسجام ونەرمو نیانەی نێوان ئەحزابی سیاسی لەعێراق کەتائێستا دەبیندرێت لەداهاتویەکی نزیکدازۆرشت وەك خۆی نامێنێت ، بەتایبەتی کاتێك کەئەجەندای سیاسی هەریەك لەئەترافەکانی ناو دەوڵەتی کاتی عێراق وئەترافەکانی دەرەوەی دەوڵەت لەناودانیشتنەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی ئایندەی عێراقداسەبارەت بەنوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی ئاشکرادەکرێت ، ئەوکاتەئیترسیاسەتەکانی پشتی پەردە ونەهێنی یەدەرونیەکانی هەمولایەئاشکرادەبێت .**

**لەهەموئەوململانەوتەسەورات وئیحتیمالانەدا بەدەرلەوەی ئەوئاڵوگۆڕەسیاسی یانەچەندین خاڵی نێگەتیفی لەگەڵ خۆیداهێناوە ، بەڵام ئەوئاڵوگۆڕانەلەچەندین لاوە لەبەرژەوەندی خەڵکی عێراقەودەروازەیەکی گەورەلەڕوی خەڵکی عێراقداکراوەتەوە بەئاڕاستەیەکی دیموکراسی یانە ، ئیترلەسیتمی دیموکراسی داجەماوەری بەرفراوانی خەڵك مەرجەعیەت وسەرچاوەی ئیلهام ودەسەڵاتەکانی دەوڵەت ئەبێت .**

**ئەبوبکرئەحمەد سلێمان**
**2005-3-9 هۆڵندا**